# دیاردەی سواڵ کردن و چارەسەرەکەی

[ كردي – کوردی – kurdish ]

پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ ظاهرة التسول وعلاجها ﴾

« باللغة الكردية »

بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# دیاردەی سواڵ کردن و چارەسەرەکەی

ئاینی پیرۆزی ئیسلام  هانی بەخشین دەدات لە پێناو خوای گەورە، {مَنْ ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا فَيُضَاعِفَهُ لَهُ وَلَهُ أَجْرٌ كَرِيمٌ} (الحديد :١١)

واتە: کێ یە ئەو کەسەی قەرز دەدات بەخوا بە قەرزێکی چاك تا خواش چەند بەرامبەر بیداتەوە وە  پاداشتی زۆر چاکی بۆ هەیە.(تەفسیری پوختەی قورئان).

وە بەشێك لەو بەخشینە دیاری کراوە بۆ هەژاران، خوای گەورە دەفەرموێت:{إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ} (التوبة :٦٠)

واتە: بەڕاستی خێرەکان تەنها بۆ بێ نەوایان و هەژاران.(تەفسیری پوختەی قورئان).

وە ئاینی پیرۆزی ئیسلام هانی موسڵمان دەدات بۆ ئەوەی کار بکات چاوی لە دەستی خەڵکی نەبێت، بۆ ئەوەی عیزەتی نەفسی هەبێت.

بەڵام لە واقعی ئەمڕۆدا کەسانێك هەن لە نێو کۆمەڵگەدا لە ڕاستیدا هەژار نین، بەڵکو سواڵ کردنیان کردوەتە پیشە وکاری ڕۆژانەیان بۆ ئەوەی پارە وپول کۆکەنەوە،  وە تا ڕادەیەك دەتوانین بڵێین ئەم کارە بووتە دیاردەیەك، بۆیە پێم خۆشە دەربارەی ئەم بابەتە بدوێم لە ڕوانگەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام وچارەسەرەکەشی دیاری بکەین.

## سواڵ کردن لە زمانی عەرەبیدا:

ووشەی ( التَّسَؤُّلُ ) وەرگیراوە لەم سێ پیتە ( س أ ل ) وە پرسیارکردنیش بریتیە لە پرسیارکردنی مرۆڤ.

وە ووشەی ( السُّؤلُ ) بە مانای ئەو پێویستیەی کەوا دەروون سوورە لەسەری دێت.

وە ووشەی ( السُّؤال ) بە مانای گەشتن بە زانایین دێت یان ئەوەی بتگەیەنێتە زانین و، گەشتن بە پارەو پوڵ یان ئەوەی بتگەیەنێتە پارەو پوڵ.

وە گەشتن بە زانین، وەڵامەکەی لەسەر زوبانە، وە دەست جێنیشینیەتی بە نوسین و ئیشارە کردن، وە گەشتن بە پارەو پوڵ ، وەڵامەکەی لەسەر دەستە، وە زوبان جێنیشنیەتی بە بەڵێن یان بە رەددکردنەوەی. سەرچاوە ( الصحاح ١٧٢٣/٥ ـ المفردات ٢٤٩ ـ التاج ٣٢٤/٤ ).

## سواڵ كردن له شەرعدا:

ئەم ووشەیە لە کتێبە کۆنەکانی زاراوەدا نەهاتوە، بەڵام لە هەندێ کتێبە تازەکاندا هاتوە، لەم بارەیەوە ئەحمەد بەدەوی دەڵێت: ووشەی ( التسول ) بە مانای داواکردنی بەخشینە ( صدقة ) لە تاکەکان لەسەر ڕێگاو بانە گشتیەکان، وە ووشەی ( المتسول ) بەو کەسە دەگوترێت کەوا ژیانی لەسەر سواڵ کردنەو، دەیکاتیە پیشەی ڕۆژانە و تەنها سەرچاوەی رزق ڕۆزی. سەرچاوە ( معجم مصطلحات الرعاية والتنمية الاجتماعية ٢٩ ).

## حوكمی سواڵ كردن:

ئەبو حامد الغزالی دەڵێت: سواڵکردن حەرامە لە ئەسڵدا، وە هەندێ جار حەڵاڵ ئەکرێت لەبەر زەرورەت وپێویستییێکی زۆر نزیك لە زەرورەتەوە، وە كاتێك دەڵێم لە بنچینەدا حەرامە لەبەر سێ شتی حەرام:

یەکەم: دەرخستنی ناڕەزایی لە خوای گەورە، چونکە پرسیارکردن واتە دەرخستنی هەژاری وباسکردنی نەبوونی نیعمەتەکانی خوای گەورە لەسەری، وە ئەمەش مانای ڕاستەقینەی ناڕەزاییە.

دووەم: سواڵ کردن زەلیل بوونی پرسیارکەر و داواکەر دەگەێنێت بۆ غەیری خوای گەورە، وە مرۆڤی باوەڕدار نابێت

خۆی زەلیل بکات بۆ غەیری خوا، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێت تەنها خۆی زەلیلی پەروەردگارەکەی بکات، لەبەر ئەوەی عیزەتی تێدایە بۆی و ، مرۆڤەکانیش وەکو ئەو بەندەی خوای گەورەن. بۆیە پێویست ناکان داوایان لیْ بکات خۆی زەلیل بکات ئیلا لە کاتی زەرورەت نەبێت، ئەویش بەئەندازەی پێویستیەکەی.

سێهەم: سواڵ کردن زۆر جار دەبێتە مایەی ناڕەحەتی وئەزیتدانی پرسیارلێکراو. چونکە ئەگەر بەخشین بدات بە سواڵکەرەکە ئەوە دەترسێت لە دڵەوە نەبێت، بەڵکو لەشەرمی سواڵکەرەکەیە، یان لەبەر ڕوپامایيە ( رياء )، وەلەم حاڵەتەدا دەبێتە مایەی حرام بوون لەسەر کەسی وەرگر، وە ئەگەر بەخشینەکەش نەدات ئەوە نارەحەت دەبێت وخۆی لەوکەسانە حسیب دەکات کەوا ڕەزیل وپیسکەن وهیچ نابەخشن.

وە ئەم دوو حاڵەتە ( پێدان ونەدان ) دەبنە مایەی ناڕەحەتی بۆ کەسی داوالێکراو، وە هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ سواڵکەرەکە، وە حوکمی ئەزیدان و ناڕەحەتی کردنی کەسێت حەرامە ئیلا لە حاڵەتی زەرورەت وناچاریدا نەبێت. سەرچاوە ( إحياء علوم الدين ٤/ ٢٢٣ ).

## ئەو ئایەتانەی دەربارەی سواڵ کردن هاتوە:

١-{لَيْسَ الْبِرَّ أَنْ تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَٰكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّائِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ وَأَقَامَ الصَّلَاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُوا ۖ وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ وَحِينَ الْبَأْسِ ۗ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا ۖ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ} (البقرة :١٧٧).

واته:چاكە ئەوە نى یە كەڕوو بكەنە بەرەو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەڵكو چاكە ئەوەیە كە مرۆڤ پڕوای ببێ بەخوا و ڕۆژی دوایی و فریشتەكان و كتێبەكان و پێغەمبەران و دارایی خۆی ببەخشێ لەگەڵ ئەوەی كەخۆشی دەوێت بەخزمان و هەتیوان و بێ نەوایان (هەژاران) و ڕێبواران و سواڵكەران و لەڕێ ی ئازاد كردنی كۆیلەكاندا وە نوێژی بەچاكی كردبێت و زەكاتی دابێت و پەیمان بەجێ هێنەران كاتێک كەپەیمانیان دابێت و خۆڕاگران لەكاتی تەنگدەستی وە نەخۆشی و لەكاتی جەنگدا ئا ئەوانەن كەڕاستیان كرد وە هەرئەوانەن پارێزكاران.(تەفسیری پوختەی قورئان).

٢-{ وَأَمَّا السَّائِلَ فَلَا تَنْهَرْ} (الضحى :١٠)

واته: وە هەڵمەشاخێ بە پرسیاركەر (هەژارو سواڵكەر) دا.(تەفسیری پوختەی قورئان).

٣-{ لِلْفُقَرَاءِ الَّذِينَ أُحْصِرُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ لَا يَسْتَطِيعُونَ ضَرْبًا فِي الْأَرْضِ يَحْسَبُهُمُ الْجَاهِلُ أَغْنِيَاءَ مِنَ التَّعَفُّفِ تَعْرِفُهُمْ بِسِيمَاهُمْ لَا يَسْأَلُونَ النَّاسَ إِلْحَافًا ۗ وَمَا تُنْفِقُوا مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ اللَّهَ بِهِ عَلِيمٌ} (البقرة :٢٧٣)

واتە: ئەم خێرە بۆ ئەو هەژارانەیە کە دەست و پێ بەستراون لە ڕێ ی خوادا ناتوانن (بۆ ڕۆزی پەیدا کردن) بگەڕێن بە زەوی دا نادانی بێ خەبەر وا هەست دەکات ئەوان کە دەوڵەمەندن بە هۆی بێ نیازیانەوە(سواڵ نەکردنیانەوە) تۆ(ئەی موحەممەد صلى الله عليه وسلم) دەیان ناسییت بە شێوەیاندا داوای هیچ لەکەس ناکەن بەزۆر(وەک سواڵ کەرانی تر) وە ئەوەی بەختی دەکەن لە ماڵ و سامان بێگومان خوا ئاگادارە لێ ی .(تەفسیری پوختەی قورئان).

٤-{ وَفِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ لِلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ} (الذاريات :١٩)

واتە: وە ماڵ و دارایی یاندا بۆ (هەژاری) داواکەرو داوانەکەر مافی خۆیان هەبوو.(تەفسیری پوختەی قورئان).

٥-{ لِلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ} (المعارج :٢٥)

واتە: بۆ هەژاری داواکەر و بێ نەوای داوانەکەر.(تەفسیری پوختەی قورئان).

**ئەو فەرموودانەی دەربارەی زەمم کردنی سواڵکردن هاتوون:**

١- عَنْ قَبِيصَةَ بْنِ مُخَارِقٍ الْهِلَالِيِّ (رضي الله عنه) قَالَ: تَحَمَّلْتُ حَمَالَةً، فَأَتَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) أَسْأَلُهُ فِيهَا، فَقَالَ: (أَقِمْ حَتَّى تَأْتِيَنَا الصَّدَقَةُ، فَنَأْمُرَ لَكَ بِهَا). ثُمَّ قَالَ: (يَا قَبِيصَةُ إِنَّ الْمَسْأَلَةَ لَا تَحِلُّ إِلَّا لِأَحَدِ ثَلَاثَةٍ: رَجُلٍ تَحَمَّلَ حَمَالَةً، فَحَلَّتْ لَهُ الْمَسْأَلَةُ حَتَّى يُصِيبَهَا ثُمَّ يُمْسِكُ. وَرَجُلٌ أَصَابَتْهُ جَائِحَةٌ اجْتَاحَتْ مَالَهُ، فَحَلَّتْ لَهُ الْمَسْأَلَةُ حَتَّى يُصِيبَ قِوَامًا مِنْ عَيْشٍ، أَوْ قَالَ: سِدَادًا مِنْ عَيْشٍ. وَرَجُلٌ أَصَابَتْهُ فَاقَةٌ حَتَّى يَقُومَ ثَلَاثَةٌ مِنْ ذَوِي الْحِجَا مِنْ قَوْمِهِ: لَقَدْ أَصَابَتْ فُلَانًا فَاقَةٌ، فَحَلَّتْ لَهُ الْمَسْأَلَةُ حَتَّى يُصِيبَ قِوَامًا مِنْ عَيْشٍ، أَوْ قَالَ: سِدَادًا مِنْ عَيْشٍ. فَمَا سِوَاهُنَّ مِنَ الْمَسْأَلَةِ يَا قَبِيصَةُ سُحْتٌ يَأْكُلُهَا صَاحِبُهَا سُحْتًا).

واتە: (قبیصەی کوڕی مخارق ی هلالی) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: کۆڵێکم گرتە ئەستۆی خۆم، ئینجا چووم بۆ خزمەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) تا داوا لەو بکەم، ئەویش فەرمووی: (چاوەڕێ بکە تا زەکاتمان بۆ دێت، فەرمان دەدەین بەشت بدەن) پاشان فەرمووی: (ئەی (قبیصە) داوا کردن بۆ سێ کەس دروستە: ئەو کەسەی قەرزێکی گرتبێتە ئەستۆ بۆ چارەسەری کێشەی نێوان خەڵکی، ئەوە بۆی هەیە هەوڵی بۆ بدات تا پەیدای دەکات، ئیتر واز بێنێ، هەروەها کەسێك بەڵایەکی بەسەر بێت و سەروەت و سامانی نەمێنێت، ئەویش بۆی دروستە هەتا پێویستی خۆی دابین دەکات. کەسێك کەهەژاری و نەداری یەخەی گرتبێت

[ئەویش پڕوای پێ ناكرێت] هەتا سێ كەس لەكەسانی عاقڵ و شارەزای قەومەكەی شایەتی دەدەن كەفڵانكەس توشی هەژاری و نەداری بووەو دروستە سواڵ بكات، ئەویش تائەو كاتەی كەژیانی باش دەبێت، ئیتر بێجگە لەوە هەر داواكارییەك ئەی (قبیصە) ماڵێكی حەرامە هەركەس بەدەستی بێنێت).

٢-عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ: (وَهُوَ عَلَى الْمِنْبَرِ، وَهُوَ يَذْكُرُ الصَّدَقَةَ وَالتَّعَفُّفَ عَنِ الْمَسْأَلَةِ: (الْيَدُ الْعُلْيَا خَيْرٌ مِنَ الْيَدِ السُّفْلَى، وَالْيَدُ الْعُلْيَا الْمُنْفِقَةُ وَالسُّفْلَى السَّائِلَةُ).

واتە: (عبداللّٰەی كوڕی عمر) دەڵێ: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەكاتێكدا لەسەر مینبەر بوو، باسی خێر و دووری گرتن لە سواڵكردنی دەكرد و هانی [خەڵكی] دەدابۆ دورە پەرێزی لەسواڵكردن دەیفەرموو: (دەستی سەرەوە چاكترە لەدەستی خوارەوە، دەستی سەرەوەی بەخشندە، دەستی خوارەوەی داواكار).

٣-عن عَبْدِ اللَّهِ بن عمر (رضي الله عنه): أَنَّ النَّبِيَّ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ: (لَا تَزَالُ الْمَسْأَلَةُ بِأَحَدِكُمْ حَتَّى يَلْقَى اللَّهَ وَلَيْسَ فِي وَجْهِهِ مُزْعَةُ لَحْمٍ).

واتە:(عبداللّٰەی كوڕی عمر) (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: (كەسانی واتان هەیە ئەوەندە سواڵ دەكات و داوا دەكات، كاتێ

بەخزمەت خوای گەورە دەگات دەم و چاوی تۆزقاڵێ گۆشتی پێوە نییە).

## جۆرەکانی سواڵ کردن:

١-سواڵ کردنی ئاشکرا: بریتیە لەو کەسەی دەست پان دەکاتەوە لە خەڵکی لە شوێنە گشتیەکان ومزگەوتەکان...

٢-سواڵ کردنی شاراوە: بریتیە لەو کەسەی کە لە پشت شتی ترەوە ئەو کارە ئەنجام دەدات وەکو فرۆشتنی شتی خراپ وبێ نرخ یان شوشتنی شۆفێر...

٣-سواڵ کردنی وەرزی: بریتە لەو کەسیەی کەوا هەندێ وەرزەکان استغلال دەکات بۆ کارەکەی وەکو وەرزی حەج ومانگی ڕەمەزان....

٤-سواڵ کردنی کتوپڕ: ئەم جۆرە سواڵکردنە کاتیە، بۆ نمونە حاڵەتی دەرکرنی ئەندامی خێزان لە ماڵەوە کە هیچ پارەی پێ نیە، یان ئەو کەسەی پارەکەی وون دەکات یان لێی دەدزرێت لە کاتی سەفەردا.

٥-سواڵ کردنی بەزۆر: وەکو زۆر کردن لە منداڵ وئافرەت لە لایەن کەس کاریانەوە بۆ ئەوەی سواڵ بکەن بەهەر هۆیەك بێت.

٦-سواڵ کردنی ئارەزوویی: ئەم جۆرە سواڵکردنە بە کاردەهێنرێت وەکو پیشە بۆ کۆ کردنەوەی سەروەت وسامان.

## لە زیانەکانی سواڵ کردن:

١-دەبێتە مایەی زەلیل بوون لە دونیا وقیامەت.

٢-دەبێتە مایەی نەمانی بەرەکەت لە سەروەت و ساماندا.

٣-دەبێتە مایەی وەڵام نەدانەوەی دوعاکردن.

٤- بەڵگەیە لەسەر دوا ئەنجامی خراپ.

٥-بەڵگەیە لەسەر دەروون نزمی خاوەنەکەی.

٦-دەبێتە مایەی بڵاوبوونەوەی دیاردەیەکی ناشارستانی لە نێو کۆمەڵگە.

٧-لەکارخستنی توانا و ووزەکان بۆ بەدەستهێنانی سەروەت وسامان.

## چارەسەر کردنی ئەم دیاردەیە:

چارەسەر کردنی زانستی بۆ ئەم دیاردەیە بە بۆچونی من بریتیە لە:

یەکەم: پەیدا کردنی کاری گونجاو بۆ هەموو کەسێکی بێ کار کە توانای کارکردنی هەبێت، وە ئەمەش لە واجیباتی دەوڵەتی ئیسلامیە بەرامبەر ڕۆڵەکانی.

دووەم: دابین کردنی ژیانێکی گونجاو بۆ هەموو کەسێك کە ناتوانێت بژێوی ژیانی پەیدا بکات یان ئەوەی کە دەستی دەکەوێت بەڵام بەشی ناکات.

سێهەم: دیاری کردنی دەزگایەك بۆ یارمەتی دانی بێ نەوایان (هەژاران) و سواڵکەران.

چوارەم:ووشیار کردنەوەی کومەڵگە دەربارەی ئەم دیاردەیە لە ڕێگای ڕاگەیاندن ومزگەوتەکانەوە.

پێنجەم: دانانی سزایەکی گونجاو بۆ ئەو کەسانەی کە سواڵکردنیان کردوەتە پیشەی ڕۆژانەیان ودێنە شوێنە گشتیەکان ونێو مزگەوتەکان بۆ ئەوەی پارە وپول کۆکەنەوە.

لە کۆتاییدا داواکارم لە خوای گەورە هەموو لایەك دەوڵەمەند بکات بە فەزڵی خۆی و لەسەر ڕێگەی ڕاستی جێگرمان بکات.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.